# شێخ مەعشوق گیانی بەخشی بە نیشیمان بەڵام
# کوردەکانی هاندەران کاتی خۆیان نابەخشن بە نیشیمان

## 10-06-2005 ئە.کەمال غەریب ک.

ئەمڕۆ کوردی باشوری ڕۆژئاوای کوردستان ، ڕاپەڕین ، نەعلەتیان بۆ مەرگی بەعسی فاشی سووریا تۆمار ئەکرد ، چرکەکانی ژیانی داگیرکەری کوردستانیان خستۆتە بەر بلێسەی مەرگەوە ،کەس نەبوو تەنها خۆیان نەبێت، ئاڵای شەکاوەی کوردستان تەنها سومبوولی هاوبەشی کورد بوو لەم خۆپیشاندانەکەی ئەمرۆی هۆڵندا ، کوردی باشوور ، چوار بوون [ کاک عەلی مەحموود ،دوو نوێنەری کوردستان تیڤی] ، کوردی ڕۆژهەڵات یەکێک بوو{ کاک حەمید..] ، کوردی باکوور لە دە تێنەئەپەڕین ،باقی کوردی ڕاپەڕیوی باشووری بچوک بوو. لە پاڵتاکدا بۆیە ناوی ئەم مێدیاییە دێنم چونکە کوردی عەیارە (24)ی زۆری تێدایە ، بەڵام بە داخەوە لەساتی خۆپیشاندانەکەدا تەنها یەکێک لە وانە هێشتا خووماری شەوی هاندەران بەری نەدابوون.

چەپە کۆمۆنیستەکانیش میوانی ئەم خۆپیشاندانە نە بوون ، چونکە حسابی مرۆڤیشیان ( ئینسان ) بۆ خەڵکی ڕاپەڕیووی ووڵاتی کوردستان نەئەکرد....چونکە سوێندیان خواردووە بە ئینسانەکان ، کە کورد نا بێت ئەو ووشەیەی پێرەوابێت.، ئیسلامییەکانیش هەمان هەڵوێستی بەزیووی کۆمۆنیستەکانیان هەبوو. بەڵام لە سەرە مەرگی بەعسا ، هەردوولایان، ئامادەی شەری مان و نەمان بوون، نەک تەنها بە خۆپیشاندان...پارتی و یەکێتی و پەکەکە و سۆشیالیست و دیمۆکرات و ئازادیی و ڕزگاری و پەژەکە و کۆنگرەی گەل و نیشتمان....تادوایی.........................

هەموویان................نەبوون، بە مانای ببون نەبوون..........گەر ئەوانەی لە سنووری سووریاوە ئەڕۆنەوە و خاوەنی ئەو ترس و بیمەن بەڵام ئەوانەی تر لە کێۆ بوون. لێرەدا دیسان ئەتوانین بپرسین ، بوون چییە..؟؟ { کوا ناساندنی لۆژیکی خۆ بە کورد زانین ، گەر لە ڕۆژێکی وادا بوونت نەبێت }

گەر کوردەکانی پاڵتۆ بە پەچەوە دێنە مەیدانی خەباتەوە بە قسەی تەڕو پاراو، قسە وهەڵوێستەکانیان لە پێکێکی شەودا ئەبینەوە ،بەڵام ئەوانەی تر کوان.........خاوەن ویژدانە ئەستوورەکان کوان.....!!!

ئەی بۆ لە ئاهەنگی جەژنی ....یان یادی دامەزراندنی فلان.. یان لە ئاهەنگی فلان گۆرانی بێژ... پشت و پێش و دەروەوە و سەربان و بنبان بەرناکەوێت.هەمووی جمەی دێت بلیتیش بە 30 یورۆیە، دیسان نوسراوە تکایە منالەکانتان مەهێنن،{ بەلام لە ساتە سەختەکانی کوردا ، کەم کەس ، میوانی خۆ بە کورد بوون ئەبێت..!!!!دەرگاش کراوەیە بۆ خەبات بە بێ بلیت و بە بێ سانسۆر ..!!!!

ئەمرۆ10-06-2005 ڕۆژی دانیشتنی دووهەمی دادگایی کردنی فرانس ڤان ئەنرات بوو لە شاری دانهاخی هۆلندی ، بە داخاوە ،هەروەک خووی پیادەکراوی کوردی هاندەران ، ژمارەی ئامادە بووان لە ئەندامانی ڕێکخراوی چاک و پێنچ کەسێک تێنەئەپەڕی...بەلام کە سالانە بۆ یەکجار کە یادی کورد کوژییەکەی هەلبجەو ئەنفال ئەکرێتەوە ، هەموویان فرمێسکە تیمساحییەکەیان ، لە سەر پێیە ، بۆ ڕشتن ، لە ڕۆژێکا شینی سالێک دەرئەبڕن ......!!!

کەواتە کورد بوون تا ئەمڕۆ بێ لۆژیکە و بێ بنەماشە، بۆیە ئەبێت لەمڕۆوە ،عەودالی ئەو شتەوونبوانە بین کە کورد ئەکات بە نەتەوە ،گەر خۆمان بە خاوەنی تۆفان ئەزانیین نەک کێشە ، ئەبێت نەترسین ، ئەبیت بوێرانە ، بە پێچەوانەی واژەی بەزیوی ترسەوە ، خۆمان بکەین بە سەر قافلەی تۆفانەکان.ئەبێت ئەمرۆ خۆمان بدۆزینەوە لە لۆژیکی ژیاندا و زۆر بە نەبەزی و نەبەردانە و جوامێرانە پڕاکتیزەی مافی سیاسی خۆمان بکەین ( لە سەنگەرگرتن لە ڕووبەڕووبونەوە لە هەلوێست گرتن تەنانەت لە شەری مان و نەماندا ): کورد بۆیە فەرموویەتی کەم بژین و کەل بژین ،گەر بترسین ، ئەبێت ژێر دەستیمان قبوول بێت ، گەر سەربەخۆیی هەلبژێرین ئەبێت نەبەرد بین ...!!!